ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان ـ kso

موحەممەد (ﷺ) ... ڕێبازی ژیان

بەشێك لە پرۆژەی "دۆستانی موحەممەد(ﷺ)"، بە هاوکاریی خێرخوازان

چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٨

ناوی کتێب: موحەممەد (ﷺ) ... ڕێبازی ژیان
ئامادەکار: ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان ـ kso
ڕاوێژکار: پرۆفیسۆر د. سەباح بەرزنجی
تیراژ: ٨٠,٠٠٠ هەشتا هەزار
دیزاینی بەرگ: سەیوان سەعیدیان
دیزاینی ناوەوە: کەیوان عەبدوڵڵا
ساڵی چاپ: ٢٠٠٨
چاپخانە: کوردستان

بەشێك لە پرۆژەی دۆستانی موحەممەد (ﷺ)
لەسەر ئەرکی خێرخوازان چاپ دەکرێت
بەدیاری دەبەخشرێت

کورتەیەک لە ژیانی سەرووەرو پێشەوامان موحەممەد (ﷺ)

ناوی تەواوی: موحەممەد (ﷺ)، کوڕی عەبدڵلا کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشمی قورەیشیە لە بنەماڵەی هاشم، بە چەندین پشت دەچێتەوە سەر گەورەمان ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت)، هاشم یەکێکە لە باپیرانی موحەممەد کە هەر لە دێر زەمانەوە زێوانی کەعبەی پیرۆزی بە دەست بووە.

دایکی: دایکی پێغەمبەرمان(ﷺ) ئامینەی کچی وەهەبی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی زەهرەی کوڕی قوسەی کوڕی کیلابە، لەگەڵ باوکیدا لە کیلابدا یەکدەگرنەوە.

ڕۆژی لە دایکبوونی: ڕۆژی دووشەممە ٩ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵێك کە بە ساڵی فیل ناسراوە، بەرامبەر بە (٥٧١/٤/٢٢) ی زایینی لە شیوی بەنی هاشم لە مەککەی پیرۆز لە دایکبووە.

پێش لە دایکبوونی باوکی کۆچی دوایی دەکاتو باپیری ناوی لێدەنێت (موحەممەد).

گەورەبوونی و تەمەنی هەرزەکاری

موحەممەد(ﷺ) بە منداڵی درا بە دایەنێك بەناوی (حەلیمەی کچی زوئەیب) لە نەوەی بەنی سەعد بۆ ئەوەی لە هەوای پاکی لادێ گەورە ببێت. موحەممەد هێشتا منداڵ دەبێت تاقە ئومێدەکەی واتە دایکی (خاتوو ئامینە) لە تەمەنی شەش ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات، پاشان عەبدولموتەلیبی باپیری ئەرکی بە خێوکردنی ئەم منداڵەی کە ئەوێتە

ئەستۆ ك جیهان چاوەڕێیەتی، لە تەمەنی هەشت ساڵیدا عەبدولموتەلیبی باپیریشی کۆچی دوایی دەکاتو سەرپەرشتیکردنی ئەم منداڵە بێ نازە دەکەوێتە دەست ئەبوتالیبی مامیو بۆ ماوەی چل ساڵ وەك منداڵەکانی خۆی سەرپەرشتی دەکات.

خۆشەویستمان هێشتا هێشتا تەمەنی پانزە ساڵ دەبێت پاش شەڕی (فوجاڕ) بەشداریکرد لە پەیمانێکدا کە بە پەیمانی (فچول) ناسراوەو لە نێوان خێڵەکانی قورەیش بۆ پاراستنی ئاسایشو ئەمنیەتی شاری مەککە بەسترا.

لە تەمەنی بیست بۆ بیستو پێنج ساڵیدا دەبێتە بازرگان لای خاتوو خەدیجە، دەستپاکیو لێزانی موحەممەد بە تەواوەتی خەدیجە سەرسام دەکاتو سەرنجی ڕادەکێشێت بۆیەش لە ڕێگەی نەفیسە (کە دەستە خوشکی خەدیجە بوو) داوای ئەوەی لێدەکات کە مارەی بکات، بەمجۆرە موحەممەد لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا خەدیجەی بە ڕەوشتو داوێن پاك کە بێوەژنێکی تەمەن (٤٠) ساڵ بوو مارە دەکات، بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەگەڵ خاتوو خەدیجەدا ژیانی هاوسەرییان گوزەراند وەك نمونەترینی خێزانە بەختەوەرەکانی جیهان.

دەرکەوتنی چرای ژیان و هاتنە خوارەوەی وەحی

کاتێك تەمەنی موحەممەد لە(٤٠) ساڵی نزیك دەبێتەوە بۆ ماوەیەك لە ئەشکەوتی (حەرا)دا خەریکی پەرستشو عیبادەت دەبێت، تا ئەوە بوو لە تەمەنی چل ساڵیدا، خوای گەورە لە ڕێگەی جوبرەئیلەوە قورئانی بۆ دەنێرێتەوە خوارەوەو دەرگای ڕووناکی بە ڕووی تاریکاییەکانی ژیاندا دەکرێتەوە.

یەکەمین وشە، یەکەمین ئاوازی ڕزگاربوون

فریشتەی نێردراو لەلایەن خوای گەورەوە(جوبرەئیل) بە موحەممەدی نەخوێندەوار دەڵێ بخوێنە، ئەویش دەڵێ من خوێندەوار نیم، بخوێنە، من خوێندەوار نیم

بسم الله الرحمن الرحيم: اقرا بسم ربك الذى خلق....، بەجۆرە ئەم وشە پیرۆزە(اقرا) دەبێتە یەکەمین ئاوازی ڕزگاربوونی مرۆڤەکان لە دەست جەهلو نەزانیو تاریکاییەکان، دەبێتە سەرەتای دابەزینی نیگای خواییو نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی تێدا دەدرەوشێنەوە، پاش گەڕانەوەی لە ئەشکەوتو دابەزینی نیگا(وەحی) بۆ موحەممەد(ﷺ)و بوونی بە پێغەمبەر، خەدیجەو عەلیو زەیدو ئەبوبەکر باوەڕ بە پەیامەکەی دێننو دەبنە سەرەتاکانی ئەو کاروانەی کە تا ڕۆژی دوایی بەردەوامە، لەو کاتەشەوە کەوتە بانگەوازکردنی خەڵكو لە ناوبردنی زوڵمو ستەمو بانگکردنی خەڵکی بۆ ڕێگای هیدایەتو پشت کردنە ڕێگاکانی بتپەرستو ئارەزوو پەرستیو مرۆڤ پەرستی.

لە سەرەتای بانگەوازەوە قوڕەیشیەکان بە تەواوەتی کەوتنە پیلانگێڕانو ئاژاوە نانەوەو ڕێگەگرتن لە موحەممەد (ﷺ)و هاوەڵانی تا کار گەشتە ئەوەی ئەنجومەنێك پێکبهێنن بۆ ئەوەی نەیەڵن لە مەوسیمی حەجدا ئەو خەڵکانەی لە دەرەوەی مەککەوە دەهاتن بۆ بەجێهێنانی حەج گوێ لە موحەممەد (ﷺ)بگرن. لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتیدا فەرمانیکرد بە کۆچی یەکەمی هاوەڵان کە پێکهاتبوون لە ١٢ پیاوو ٤ ئافرەت بۆ ولاتی حەبەشە، بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو چەوساندنەوەیەی مسوڵمانان لە لایەن قوڕەیشیەکانەوە تێی کەوتبوون.

ڕێگری نوێنەرانی تاریکی و ستەم و چەوساندنەوە

موشریکەکانی مەککە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون موحەممەد (ﷺ) پاشگەزبکەنەوە لە پەیامەکەی، بۆیەش چوونە لای ئەبوتالیبی مامیو گلەییان لە پێغەمبەر(ﷺ)کرد، ئەویش پێی گەیاند بۆ ئەوەی واز لە بانگەواز بهێنێت، ئەویش فەرمووی "بە خوا ئەگەر خۆر لە دەستی ڕاستمو مانگ لە دەستی چەپم دابنێن بۆ ئەوەی دەست لە بانگەواز هەڵگرم هەرگیز کاری وا ناکەمو تا سەرکەوتن بە دەست دێنم یان لەو پێناوەدا گیانم ئەبەخشم".

لە ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتیدا نەبەردترینو بەهێزترین پیاوانی مەککە موسوڵمان بوون کە ئەوانیش (حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبو عومەری کوڕی خەتتاب) بوون. ئەم هەواڵەش دەنگۆیەکی گەورەی لە ناو کافراندا دایەوەو سەرشۆڕو زەلیلی کردنو پۆشاکی بڵندیو پایەبەرزیو ئاسودەیی بە موسوڵمانان بەخشی.

ئابڵوقەیەکی توند بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ)و یارانی

لە پێناو فشارخستنە سەر پێغەمبەر(ﷺ)و یارانیو ترساندنی خزمەکانی بۆ ئەوەی پشتیوانی پێغەمبەر(ﷺ) نەکەنو بتوانن لە ناوی بەرن، هەموو قوڕەیش لە شیوی (ئەلموحسەب)دا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی پەیماننامەیەك مۆرکەن کە تیایدا هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیو ئابوریو هەمەلایەنە لەگەڵ بەنی هاشمو بەنی عەبدولموتەلیبدا بپچڕێنن کە پشتیوانی پێغەمبەر(ﷺ) بوون. ئەم ئابڵوقەیەش ماوەی سێ ساڵی خایاندو سەرجەم مسوڵمانەکانو ئەوانەی پشتیوانی لێ دەکردن لە شیوی ئەبو تالیبدا چەرمەسەریو

ناڕەحەتییەکی زۆریان چەشت تەنانەت کار گەشتە ئەوەی گەڵای دار لە بری خواردن بخۆن، تا خوای گەورە دەرووی لێ کردنەوەو بەبێ ئەوەی لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا کەمترین تەنازول لە بیرو باوەڕەکەیان بکەن کۆتایی بە ئابلۆقەکە هاتو پێغەمبەر ڕۆژ بە ڕۆژ وێڕای ئەوەی بتپەرستانی قورەیش شێوازی دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەیان توندتر دەکرد سورتر دەبوو لەسەر گەیاندنی پەیام و بانگەوازەکەی.

ساڵی دڵتەنگی موحەممەد(ﷺ)

لە ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتیدا، تاقە هیوای پێغەمبەر(ﷺ) کە هەمیشە بەرگری لێ دەکردو لە موشریکەکانی قورەیش دەیپاراست، واتە ئەبو تالیبی مامی کۆچی دواییکرد. هەر ئەو ساڵەو پاش کۆچی دوایی ئەبوتالیب، خەدیجەی خێزانی ئەوەی لە یەکەمین چرکەکانی بانگەوازەکەیەوە وەکو کۆڵەکەیەك وابوو بۆی، پشتی دەگرت و هانیدەداو لە ڕۆژانی خەم و پەژارەدا دڵ نەوایی دەکردو ئومێدی پێ دەبەخشییەوە، کۆچی دواییکرد. بۆیە ئەمساڵە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) بوویە ساڵی دڵتەنگی.

بانگەواز پەرە دەسەنێت و گەشە دەکات

بانگەواز ڕۆژبەڕۆژ پەرەیدەسەندو دەنگۆی دەدایەوە تەنانەت لە دەرەوەی مەککەش هەوادارانی پێغەمبەر(ﷺ) پەیدابوون، تا لە ساڵی ١٢ی پێغەمبەرایەتیدا وەفدی شاری یەسریب (مەدینە)لەگەڵ موسوڵماناندا بە سەرۆکایەتی پێغەمبەر(ﷺ) پەیمانی عەقەبەی یەکەمیان لەسەر پارێزگاری و پشتیوانیکردنی موسوڵمانان و پێغەمبەر

ئیمزا کرد. لە ساڵی ١٣ی پێغەمبەرایەتیدا(٦٢٢ ی زاینی) پاش پەیمانی عەقەبەی دووەم کە تیایدا حەفتاو سێ پیاوو دوو ژنی یەسریب (مەدینە) پەیمانیان بە پێغەمبەری خوادا لەسەر گوێڕایەڵیو شوێنکەوتنیو بەرگری لێکردنیو پشتیوانیکردنی، موسوڵمانان پۆل پۆل بەرەو مەدینە کۆچیان کرد، یەکەم کەسیش کۆچی کرد ئەبوسەلەمەو هاوسەرەکەی کوڕەکەی بوون، ئەگەرچی ئەبوبەکریش ویستی کۆچ بکات بەڵام پێغەمبەر(ص) ڕێی پێنەداو فەرمووی "پەلەمەکە تا خوا مولەتم پێدەدات، پێکەوە کۆچ دەکەین". هەر لەو ڕۆژانەشدا موشریکەکان لە پەرلەمانی مەککە (دار الندوە) کۆبوونەوەو پلانی تیرۆرکردنی پێغەمبەریان داڕشت کە ئەوەش پێشنیاری ئەبوجەهلی کوڕی حەکەم بوو، لە هەر تیرەیەك گەنجێکی لێهاتوویان هەڵبژارد بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان شمشێرێکی لێبدەنو خوێنەکەی نەکەوێتە سەر کەسیان، بەڵام خوای پەروەردگار لە ڕێگەی جوبرەئیلەوە پێغەمبەری(ﷺ)ئاگادار کردەوەو مولەتی کۆچکردنی پێدا بەرەو مەدینە.

کۆچ بەرەو مەدینەو
بنیاتنانی یەکەمین دەوڵەتی مەدەنی

پاشئەوەی کەس نەمایەوە لە مسوڵمانان کۆچ بکاتو هەموویان بەرەو مەنزڵگا نوێیەکەیان ملی غەریبایەتییان گرتە بەرو بەرەو هەوارگە نوێیەکەیان، پێغەمبەرمان(ﷺ) لە گەڵ ئەبوبەکر لە شەوی ٢٧ی صەفەری ساڵی ١٤ی پێغەمبەرایەتی لە ماڵ دەرچوونو کۆچیان کرد بۆ مەدینەو خوای گەورە بە ویستی خۆی لە شەڕی دوژمنەکانی پاراستی. دوای مانەوەیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە ڕێگاداو لە ئەشکەوتی (سەور) داو هەموو هەوڵەکانی قورەیش لەگەڕان بەدوایاندا بێئاکام بوونو لە ٨ ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٤ ی پێغەمبەرایەتیدا گەیشتنە شاری مەدینە.

دروستکردنی مزگەوت
یەکەمین کاری پێغەمبەرمانە(ﷺ)

لەگەڵ گەشتنی بە مەدینە پێغەمبەری خوا (ﷺ)یەکەم کارێك کردی دروستکردنی مزگەوتی (قوبا) بوو. پێغەمبەری خۆشەویست وەك مرۆڤێکی خاکیو ئاساییو وەکو هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگە نوێیە بەشداریکرد لە دروستکردنی مزگەوتەکەداو بە دەستی پیرۆزی خۆی دیوارەکانی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا هەڵچنی.

دۆخێکی نوێ، ژیانێکی نوێ

پێغەمبەری خۆشەویستمان بە گەشتنی بۆ مەدینە بنکەی بانگەوازو دەوڵەتە پڕ لە دادەکەی لە نێوان مسوڵمانەکانو جولەکەکاندا دەستورێکی نوسیو لەو دەستورەدا مافی هەر کەسو لایەنو تائیفەیەك لە ژیانو ئازادی پارێزراو بوو.

ڕزگارکردنی مەککەی زێدی باب و باپیری

لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)سوپایەکی ئامادەکردو بەرەو مەککە بەرێکەوت بە مەبەستی ڕزگارکردنی، لەگەڵ گەشتنی بە مەککەش تەشریفی بردە کەعبەی پیرۆزو تەوافی کردو (٣٦٠) بتی ناو کەعبەی شکاندو فەرمووی "قل جاء الحق و زهق الباگل ان الباگل کان زهوقا"، پاشان فەرمانیکرد بیلال بانگبداتو نوێژی فەتحی ئەنجامدا. لە ڕۆژی دووەمی فەتحیشدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)وتارێکی بەپێزی پێشکەشی موسوڵمانان کردو بۆ ماوەی ١٩ ڕۆژ لە مەککەدا مایەوەو فەرمانی تازەکردنەوەی پایەکانی کەعبەی پیرۆزیداو ئەو کارەشی بە ئەبا سەعیدی خوزاعی سپارد.

کۆچی دوایی پێغەمبەری خۆشەویست

پاش ٢٣ ساڵ تێکۆشان‌و فیداکاری، پاش ماندووبوون‌و شەونخونی بەردەوام، پاش ئەو هەموو زەحمەتەی لە پێناو گەیاندنی بەرنامەکەی خوادا کێشای، چێشتەنگایەکی گەرمی ڕۆژی دووشەممەی ١٢ ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١١ی کۆچی لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ)نەخۆش کەوت‌و ماوەی نەخۆشییەکەی ١٤ ڕۆژی خایاندو لە ماڵەکەی خاتوو عائیشە گیانی پاکی بەرەو فیردەوس گەڕایەوە، هەواڵی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ)هاوەڵانی بە تەواوەتی خەمبار کرد، فاتمە گریاو وتی "بابە گیان وەڵامی پەروەردگارت دایەوە کە بانگی کردی، بابە گیان فیردەوسی جەننەت جێگاتە، بابە گیان پرسەو سەرەخۆشی بۆلا جوبرەئیل ئەبەین"، ئەبوبەرکری سدیق بە سواری ئەسپەکەی هات‌و خێرا چوویە ژوورەکەی عائیشەو پەردەی لەسەر تەرمەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)لاداو ماچی کردو دەستی کردە گریان، بەدەم گریانەوە فەرمووی "دایك‌و باوکم بە قوربانت بێ، هەرگیز نابێ کە دووجار بمری، تەنیا جارێکەو ئەوا ڕۆشتی"، ئینجا هاتە دەرەوو بینی عومەر بە توڕەییەوە قسەدەکات وتی "دانیشە!"، دانەنیشت‌و پاشان ڕووی کردە خەڵکەکەو فەرمووی:"هەرکەسێك لە ئێوە موحەممەدی (ﷺ)دەپەرست وا موحەممەد مرد، هەرکەسێکیش خوای موحەممەدی (ﷺ)پەرستووە ئەوا خوای پەروەردگار زیندووەو هەرگیز نامرێت". پاش شۆردن‌و کفنکردن، هەر لە ماڵەکەی عائیشەدا قەبریان هەڵکەندو تەرمەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)یان بە خاك سپارد. هەزاران سڵاوو درود لەسەر ڕۆحی پاکت ئەی ئەو کەسەی هەموو ژیانی خۆت تەرخانکردو هەموو تەمەنت بە چەرمەسەری‌و ناڕەحەتی‌و شەونخونی بەسەر برد بۆ ئاسودەیی مرۆڤ‌و گەلانی دونیاوهەموویانت لە تاریکاییەکان ڕزگارکردن‌و چرای بەختەوەریت بۆ هەڵکردن.

گوڵزاری فەرمووده



لاوێتی لە چیدا بەسەر دەبەی؟

عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسـعود(خـوای لێ ڕازی بێـت) دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) دەفەرمێت:" مـرۆڤ لـەڕۆژی دواییـدا لەبـەردەم خـوای گـەورەدا ڕادەوەسـتێ‌و نـاجوڵێ تـا پرسـیاری لـەبارەی پێـنج شتەوە لێ دەکرێت: تەمەنی، لە چیا بەسـەری بـرد؟. لاوێتـی، لەچـیدا پیری کرد؟. ماڵەکەی، لە کوێ بەدەستی هێناو لەچیدا خەرجی کرد؟. لەو زانستەی کە هەیبوو، چ کردەوەیەکی پێ کرد؟"

ڕێگای زانست، ڕێگای بەهەشتە

ئەبو هورەیرە (ڕەحمەتی خوای لەسـەر) دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمویـەتی:" هەرکـەس ڕێگایـەك بگرێتـە بـەر بـۆ فێربـوونی زانـست، خـوای گـەورە ڕێـی چـوونە بەهەشـتی بـۆ ئاسـان دەکات".

فریشتەکان دوعا بۆ زانستخوازان دەکەن

ـ ئەبو دەرداء (ڕەحمەتی خوای لەسـەر) دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمویەتی: " کاتێ فریـشتەکان کەسـێك دەبیـنن بەدوای زانست‌و زانیاریدا دەڕوات باڵی بۆ ڕادەخەن لەبەر پێخۆشـبون‌و ڕازی بـوون لەسـەر ئـەو کـارە، ئەوانـەی لـە ئاسمانـەکان‌و زەمینـدان‌و تەنانـەت ماسـییەکانی دەریـاش داوای لێخۆشـبوونی بـۆ دەکـەن لای خـوای گـەورە، ڕێـزو قـەدرو پایـەی زانـا لـە چـاو خـودا پەرسـتێکی سۆفیلکەدا وەك پلەو قەدری مانگ وایە لەچاو ئەستێرەکانی دیکـەدا، زانایـان میراتگرانـی پێغەمبـەرانن، میراتـی پێغمبـەران نـە دینـار بـووە نەدرهەم‌و نە زێڕو زیو، بەڵکو زانست بووە، بەڕاستی ئەو کەسەی ئـەم میراتەی بەر بکەوێت ئەوە پشك‌و بەشـی زۆر گـەورەی پـێ گەشـتووەو گەورەترین بەختەوەری بەرکەوتوە".

زانست و یادی خوا پلەیەکی بڵندیان هەیە لای خوای گەورە

ئـەبو هـورەیرە(ڕەحمـەتی خـوای لەسـەر) دەگێڕێتـەوە، پێغەمبـەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمویـەتی:" دونیـا نـەفرەت لێ کـراوەو ئـەوەش لەودایە نەفرین لێکراوە، تەنها دووشت نەبێت، یەك: یادو زیکـری خـواو ئـەوەی دەبێتـە هـۆی ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە، دووەمـیش زانـاو فێرخواز".

گەڕان بە دوای زانستدا لەسەر کێ پێویستە؟

ئەنەس(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) فەرمویـەتی:"چـوون بـەدوای زانـستو وەرگـرتنی زانـستدا پێویـستە لەسەر هەموو موسڵمانێك".

سەرروەرمان سەلام لە منالان دەکات و سۆزو خۆشەویستییان پیشاندەدات

ئەنەسی کـوڕی مالیـك(ڕەحمـەتی خـوای لەسـەر) کـە بـەلای منداڵانـدا تێپەدەپەڕی سەلامی لێ دەکردن و دەیفـەرموو: جارێکیـان لـە خزمـەت پێغەمبـەری ئـازیزدا (ﷺ)بـووم، بـەلای کۆمەڵـە منداڵێکـدا تێپـەڕیو سەلامی لێ کردن"

کێیە سۆزو بەزەیی تیا نییە

عائیشەی دایکـی بـڕواداران (ڕەحمـەتی خـوای لەسـەر) دەفـەرموێت:" بابایەکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) عەرزی کـرد: (ئێوە مناڵەکانتان ماچ دەکەن؟ ئێمـە هـەرگیس منـداڵ مـاچ ناکـەین). پێغەمبـەری ئـازیز(ﷺ) فـەرموی: مـن دەسـەڵاتم چـییە کاتـێ خـوای گەورە سۆزو بەزەیی لە دڵی ئێوە دەرهێناوە".

ئاكاری بەرز بڕوا تەواوییە
چاكترین كەس ئەوەیە لەگەڵ خێزانەكەی چاكە

ـ ئەبو هورەیرە(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی:"ئەو بڕوادارانە بڕوایان كاملو تەواوە كە خوو ئاكاریان جوانو بەرزە، هەروەها چاكترینو باشترینیشتان ئەوانەتانن كە باش بن لەگەڵ خێزانو هاوسەری خۆیاندا".

دونیاو بایەخی لای پێغەمبەری خۆشەویست

ئەبو سەعیدی خودری(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی:"بەڕاستی دونیاو ماڵی دونیا میوەی سەوزی دڵگیرو شیرینو خۆشە، خوای گەورە ئێوەی كردووە بە جێگەدار تێیدا تا بزانێ كارو كردارتان چۆنە؟".

كەس شانازی بەسەر كەسدا نەكات

ـ عەیازی كوڕی حیار(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی:" خوای گەورە نیگای(وەحی) بۆ كردووم كە خاكی بنو خۆتان بەكەم بگرن، بە جۆرێك كە كەس شانازی بەسەر كەسەوە نەكاتو كەس زۆرو ناهەقی لەكەس نەكات".

دادوەران شوێنیان لەسەر مەشخەڵی نورە

ـ عەبدوڵڵای كوڕی عەمر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی:" دادگەرانو داد پەروەران لە ڕۆژی پەسلاندا(ڕۆژی دوایی) لە خزمەت پەروەردگاردا شوێنیان

لەسەر مەشخەڵی نووره، ئەمانەش ئەو کەسانەن کە داد پەروەرن لە بڕیاردانداو، لەگەڵ ماڵو منداڵیانداو ئەوی لە ژێر دەستیاندا بووه".

ــ بورەیدە (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی:"دادوەران سێ جۆرن، یەکێکیان لەبەهەشتدایەو دووانیان لەناو ئاگردان، ئەوەی کە لە بەهەشتدایە کەسێکە حەقی ناسیوەو بەو حەقە داوەری کردووە، ئەوەی کەحەقی زانیوەو خۆی لێ لاداوە، لەئاگردایە، ئەوەی داوەری بۆخەڵکی دەکات بە نەزانی ئەوە لە ئاگردایە".

ئێوە لە ئادەمن ئادەمیش لە خاک

ـ ئەبو هورەیرە(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمویەتی:" خوای گەورە شانازی بەکەسو کارو خۆ بە گەورە زانینو خۆ بە زیاتر لە خەڵك زانینی لێ لاداون، مرۆڤ یا بڕواداڕێکی لەخوا ترسە (کە دەبێت خاکی بێت) و بێ فیز بێت، یا تاوانکارێکی سنوور بەزێنە (کە سەر شۆڕی دیوانی خوایە)و زەلیلی قیامەتە. ئێوە لە ئادەمن ئادەمیش لە خاك".

کامیان گرنگترە:
ڕووکەش یان ناوەڕۆک و کردەوە؟

ـ ئەبو هورەیرە(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمویەتی:" خوای گەورە تەماشای شکڵو شێوەو ڕووکەشی دەرەوەتان ناکات، بەڵکو تەماشای نیازی دڵو دەروونو کردەوەتان دەکات".

لێبوردن سەربەرزییە

ئەبو هەرەیرە(ڕەزای خوای لەسەر) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"بەخشین هیچ کاتێك سەرمایە کەم ناکاتەوە، هەر بەندەیەك لێبوردنێك بنوێنێت خوای گەورە زیاتر سەربەرزی دەکات، هەروەها هەر کەسێکیش لەبەر خوا مل کەچی بنوێنێت خوای گەورە پلو پایەی بەرز دەکاتەوە".

ڕەوشتی ئیسلام شەرم و شکۆیە

زەید کوڕی ڕوکانە ئەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی" بۆ هەموو ئاینێك ڕەوشتێك هەیە، ڕەوشتی ئیسلام شەرمو شکۆیە".

گەنجانێک لە ژێر سێبەری عەرشی خوادان

ـ ئەبو هورەیرە (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمویەتی:" حەوت گروپ هەن خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لە کاتێکدا هیچ سێبەرێك نییە تەنها سێبەری ئەو نەبێت: پێشەواو سەرکردەیەکی دادپەروەر، لاوێك لە خواپەرستیدا قاڵ بوبێتو پێگەشتبێت، پیاوێك دڵی هۆگری مزگەوت بێت، دوو کەس لەبەر خوا یەکدیان خۆش بوێت، لەسەر ئەو خۆشەویستییە کۆ ببنەوەو لەسەر ئەویش جودا ببنەوە، پیاوێك ئافرەتێکی خانەدانی شۆخو جوان بانگی بکات بۆ ئیشی خراپە، بەڵام ئەم بڵێ من لە خوا دەترسمو لەبەر خوای گەورە لێی گەڕێو وازی لێ بێنێ، پیاوێك خێرێك بەدەستی ڕاستی بکات دەستی چەپی پێی نەزانێ هێندە بە پەنهانو دوور لە چاوی خەڵکی بیکات، پیاوێك بە تەنهایی یادی خوا بکاتو چاوەکانی پڕ بن لە ئەسرین لە ترسی خوای گەورەدا"

سود لە پێنج شت وەرگرە، بەر لەوەی پێنج شت بێنە پێشەوە

عەبدوڵڵای کوڕی عەباس(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی:"سود لە پێنج شت وەرگرە پێش پێنج شتی تر: سود لە ژیان وەرگرە بەر لە مرد، سود لە لەشساغیو تەندروستیت وەرگرە بەر لە نەخۆشیت، سود لە کاتە بەتاڵەکانت وەرگرە بەر لە سەرقاڵیت، سود لە تەمەنی گەنجایەتیت وەرگرە بەر لە پیریت، سود لە دەوڵەمەندیت وەرگرە بەر لە هەژاریت".

خوا مرۆڤی نەرم و نیانی خۆشدەوێت

دایکی ئیماندااران عائیشە(ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی:"ئەی عائیشە بەڕاستی خوا نەرمو نیانەو نەرمو نیانیشی خۆشدەوێت، ئەوەی لە نەرمو نیانیدا دەیبەخشێ لەە توندو تیژیدا نایبەخشێت، وە لە هیچ بارودۆخێکی تریش نایبەخشێت"، واتە خوای گەورە ئەوەی ل کاتی نەرمو نیانی مرۆڤەکاندا دەیبەخشێت لە ڕزقو ڕۆزی و لێخۆشبوون لە هیچ کاتێك تردا پێیان نابەخشێت.

ئاسانکار بن

ئەبی موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) مەعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو:" ئاسانکاری بکەنو شت قورس مەکەن، موژدە بەخش بنو خەڵکی دوور مەخەنەوە، گوێڕایەڵی یەکتر بنو لە نێو خۆتاندا ناکۆك مەبن".

لەسەر پاراستنی ژینگەی شارەکەی چوویە بەهەشتەوە

ئـەبو هـورەیرە (ڕەزای خـوای لەسـەر) دەفـەرموێت:پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەیـەتی:"پیاوێـك بـەلای چـڵە دارێكـدا تێپـەڕی كـە ناوەڕاسـتی ڕێگاكەی گرتبوو، وتی(سوێند بە خوا دەبێت ئەو چڵە دارە لا ببەم، هـەتا ئازاری خەڵكی نەدات)، بەوە خرایە بە هەشتەوە".

خۆتان لە پیسكردنی ڕێگاكان بپارێزن

ئـەبو هـورەیرە(ڕەزای خـوای لەسـەر) دەڵـێ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویەتی:" خۆتان بپارێزن لەو دوو نەفرەت لێ كراوە، وتیان: ئـەو دوو نەفرەت لێكراوە چـین ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)؟، فـەرموی: ئـەوەی لەسەر ڕێگای خەڵكیو سێبەرەكاندا پیـسی دەكـات". واتـە: پیـسكردنی سـەر ڕێگاكـانو بـن دارو درەخـتو سـێبەرەكان لـە ئیـسلامدا نـەفرەتی لێكراوە.

درەختێك بڕوێنە، واتە چاكەیەك بكە

جـابری كـوڕی عەبـدوڵلا (ڕەزای خـوای لەسـەر) دەفـەرموێت، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویەتی:"هەر مسوڵمانێ درەختێك بڕوێنـێ، ئـەوا ئـەوەی لێـی دەخورێ بۆی دەبێت بە خێر، ئەوەشی لێی بدزێت هـەر بـۆی دەبێـت بـە خێر، ئەوەشی پەلەوەرو باڵندە لێی بخوات هەر بۆی دەبێت بە خێر، هەر كەسێكیش لێی ببات هەر بۆی دەبێت بە خێر"..

هاوڕێی چاك وەك هاوڕێیەتی عەتر فرش وایە

ئەبی موسای ئەشعەری(ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی:" نمەنەی هاوڕێی چاكو هـاوڕێی خـراپ وەكـو هەڵگری میسكو كورەی ئاسنگەر وایە، هەڵگری میسك یا بەشت دەدات یان لێی دەكڕیت یان بۆنێكی خۆش دێت بەسەرتا، كورەی ئاسنگەر یا جلەكانت دەسوتێنێت یا بۆنێكی ناخۆش دێت بەسەرتا".

کەم و کوڕییەکانی دوا ڕۆژت داپۆشە

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لەسەر) دەفەرموێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەت:" هەر بەندەیەك کەمو کوڕی بەندەیەکی تر دا بپۆشێ لە دونیادا، خوای گەورە لە قیامەتدا کەمو کوڕییەکانی دا دەپۆشێ".

یارمەتی هەژاران بدە
چونکە وەک بەڕۆژووبوونی هەمیشەیی وایە

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لەسەر) دەفەرموێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی:" ئەوە کەسەی یارمەتی بێوەژنو هەژار دەدات وەك ئەو کەسەیە کە جیهاد دەکات لە پێناوی خوادا، وەك ئەو کەسە وایە بەردەوام خەریکی شەونوێژ بێتو بێزار نەبێت لێی، هەروەك ئەو کەسە وایە بەردەوام بە ڕۆژوو بێتو نەیشکێنێت".

سەردانی خزم و دۆست، هۆکاری زیادبوونی ڕزق و ڕۆزییە

ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لەسەر) دەفەرموێت، بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:"هەر کەسێ پێی خۆشبێ ڕزقو ڕۆزی زیاد بکاتو تەمەنی درێژ بێتو شوێنەواری چاکی بمێنێتەوە، ئەوە با سەردانی خزمو دۆستانی بکات".

پێغەمبەر بۆ ڕەحمەت و میهرەبانی نێردراوە

ئەبو هورەیرە(ڕەزای خوای لەسەر) دەڵێ، بە پێغەمبەر (ﷺ) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا دوعا لە موشریکەکان بکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی:" من بە نەفرینکار نەنێردراوم، بەڵکو بە ڕەحمەتو میهرەبانی نێردراوم".

خۆشەویسترینی کارەکان لای خوای گەورە

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود(خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت، پرسیارم لە خۆشەویستم پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) کرد: چ ئیشو کارێك لای خوای گەورە خۆشەویستە؟ فەرموی:"نوێژ لە کاتی خۆیدا، عەرزم کرد: چیتر؟ فەرموی: چاکە کردن لەگەڵ دایكو باوكدا، عەرزم کرد: چیتر؟ فەرموی: تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورەدا".

چاکە لەگەڵ دایک و باوکدا دەبێت چۆن بێت؟

ـ مالیکی کوڕی ڕەبیعەی ساعیدی(ڕەزای خوایان لێبێت) دەگێڕێتەوە، لە خزمەتی پێغەمبەری ئازیزدا (ﷺ) دانیشتبوین، پیاوێك لە بەنی سەلەمە هاتە خزمەتیو عەرزی کرد: ئایا چ چاکەیەك ماوە کە بیکەم لەگەڵ دایكو باوكم دوای مردنیان؟ پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) فەرموی: سەڵاوات دان لەسەریان، داوای لێخۆشبوون کردن بۆیان لای خوای گەورە، بە جێهێنانی وەسیەتو ئامۆژگارییان، بەجێهێنانی سیلەی ڕەحمێك کە لەڕێی ئەوانەوەیە، هەروەها ڕێزگرتنی هاوەڵو هاوڕێکانیان".

ـ ئەبو هورەیرە(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی:"مرۆڤ پلەی لە بەهەشتدا بەرز دەبێتەوەو دەڵێت ئەمەم چۆن دەستکەوت؟ دەوترێت بەهۆی دوعای خێرو داوای لێ خوشبونی منداڵەکەتەوەیە بۆ تۆ".

گفتوگۆیەکی سەیر!

ــ ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە لە خزمەتی پێغەمبەری ئازیزدا (ﷺ) بووین پێکەنی، فەرموی: دەزانن بە چی پێدەکەنم؟ عەرزمان کرد: خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترن،

فـەرمووی: بـەگفتوگۆو ئاخـاوتنی بەندەیـەك لەگـەڵ پەروەردگاریـدا. بەندەکـە دەڵێـت: پـەروەردگارا ئایـا تـۆ منـت لـە سـتەمکردن نەپاراسـتووەو نـەهیت لـیٚ نـەکردوم لەسـتەمکردن؟ خـوای گـەورەش دەفەرموێت، بەڵێ. عەرزی دەکات: دەی من ئـەمڕۆ تـەنها شـاهێدم لـە خـۆم دەوێـت بـۆ شـایەتیدان لـە سـەرم. فـەرموی: خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ئـەمڕۆ تـەنها خـۆت بەسـە بـۆ شـایەتی دان دژی خـۆت، فەرموی پاشان مۆر بە سەر دەمیدا دەنرێت، بـە ئەندامـەکانی لاشـەی دەگوترێـت: بـە گـۆ بـێنو قـسان بکـەن، ئەندامـەکانیش باسـی کردەوەکـانی دەکـەن. پاشـان فـەرموی: ئـیتر وازی لیٚ دەهێنرێـت بـۆ ئـەوەی قـسە بکـات لەگـەڵ ئەندامـەکانی لاشـەیدا. ئـەو کەسـە بـە ئەندمـەکانی لاشـەی دەڵێـت: دوو ڕوویـیو تیـا چـوون بـۆ ئێـوە، مـن بەرگریم لە ئێوە دەکرد".

بەڕێزو ژیرو هۆشیارەکان کامانەن؟

ئیبنـو عومـەر(ڕەحمـەتی خـوای لەسـەر) دەگێڕێتـەوە، لـە خزمـەتی پێغەمبەری ئازیزدا (ﷺ) بووین پیاوێکی ئەنساری هـاتو سـلاوی لـە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) کردو عـەرزی کـرد: کـام بـڕوادار بەڕێزترینـە؟ پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) فەرموی:" ئەوەیان ئاکاری جوان بێت. پاشان عەرزی کرد: ئەی کامیان ژیرو هۆشیارە؟ فەرموی: ئەوەیان زیاتر بـیرو یادی مـردن دەکـاتو ئـەوەیان چاکترو باشـترە خـۆی بـۆ دوای مـردن ئامادە دەکات، ئا ئەوانە ژیرو هۆشیارەکانن".

پەنا لەچی بگرین بە خوا؟

زەیدی کوڕی سابت (ڕەحمەتی خوای لەسـەر) دەگێڕێتـەوە لەخزمـەت پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)دا بـووین، سـواری ولاخەکـەی بووبـوو، بـەناو بـاخی کابرایـەکی بـەنی نـەجاردا دەڕۆشـتین ولاخەکـەی

هەڵوێستەیەکی کرد کە خەریك بوو پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بخاتە خوارەوە، سەیرمان کرد شەش یا پێنج یا چوار گۆڕی تێدا بوون، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرموی:" کێ ئەوانە دەناسێت؟ پیاوێك عەرزی کرد: من، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ)فەرموی: ئەوانە کەی مردوون؟ عەرزی کرد: لەسەردەمی کافریو شیرکدا، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرموی: ئەم ئوممەتە لە گۆڕدا تاقی دەکرێنەوەو پرسیاریان لێ دەکرێت، گەر لەبەر ئەوە نەبوایە دەترسام مردوو نەخەنە گۆڕەوە لەخوای گەورەم دەخواست ئەوەی من دەیبیستم ئێوەش بیبیستن، پاشان پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ڕوی تێ کردینو فەرموی: پەنا بگرن بە خوا لە ئاگری دۆزەخ، وتمان: پەنا دەگرین بە خوا لە ئاگری دۆزەخ. پاشان فەرموی: پەنا بگرن بە خوا لە سزای گۆڕ، وتمان: پەنا دەگرین بە خوا لەسزای گۆڕ. پاشان فەرموی: پەنا بگرن بە خوا لە ئاژاوە ئەوەی دیارەو بەرچاوەو ئەوەی نادیارو پەنهانە، وتمان: پەنا دەگرین بە خوا لەئاژاوە ئەوەی دیارەو بەرچاوەو ئەوەی نادیارو پەنهانە، پاشان فەرموی: پەنا بگرن بە خوا لە ئاشوبو فیتنەی دەجال، وتمان: پەنا دەگرین بە خوا لە ئاشوبو فیتنەی دەجال".

فەرمان کردن بە چاکە

ئەبو سەلمان مالیکی کوڕی حووەیریس (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، هاتینە خزمەت پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) کۆمەڵە لاوێکی هاو تەمەن بووین، بیست شەو لە خزمەتیدا ماینەوە، بەڕاستی لە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) میهرەبانترو نەرمو نیانترم نەبینیوە، وای گومان برد کە ئێمە بێتاقەتی خزمو کەسوکارمان بووین، پرسیاری لە بارەی ئەو کەسانەمان کرد کە لەوێ بەجێماون، ئێمەش باسمان بۆی کرد، فەرموی: بگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکارتان

لەوێ بمێننەوە، فێریان بکەنو فەرمانیان پێ بکەن کە فلان نوێژ لە فلان کاتدا ئەنجام بدەنو لەو کاتەدا ئەوەندە ڕکات نوێژ بخوێنن، کاتێ کاتی نوێژ هات با یەکێکتان بانگ بداتو گەورەکەشتان پێش نوێژیتان بۆ بکات".

خوای گەورە کام بەندانەی خۆش دەوێت؟

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، بیستم پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) فەرمویەی:"خوای گەورە بەندەی لەخوا ترسی دەوڵەمەندی دەروونیو دڵ تێری شاراوەی خۆش دەوێت".

ڕێزی هاوسەرەکانتان بگرن، چونکە پێغەمبەرمان وایکردووە

ـ ئەسوەدی کوڕی یەزید دەگێڕێتەوە کە لە عائیشەی دایکی بڕوادارانم پرسی (ڕەحمەتی خویان لەسەر)، "کاتێ پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) لە ماڵەوە دەبوو بە چییەوە سەرقاڵ دەبوو؟، فەرموی: خەریکی خزمەتی خێزانەکەی دەبوو، کە نوێژ بوایە دەچو بەلای نوێژەکەیەوە".

ڕێگای بەهەشت کامەیە؟

جابری کوڕی عەبدوڵلا(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد: ئاگادارم کە، ئەگەر نوێژە فەرزەکان بکەمو مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بمو حەڵاڵ بە حەڵاڵ بزانمو حەرام بە حەرام بزانم، لەوە زیاتر هیچ نەکەم دەچمە بەهەشت؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی:"بەڵێ".

مافی ڕێگاکان بدەن

ئەبی سەعیدی خودری (ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی:"نەکەن لەسەر ڕێگاکاندا دابنیشن، وتیان: ئەی

پێغەمبەری خوا(ﷺ) چارەمان نییەو شوێنی دانیشتنمانەو وتوێژی تێدا دەکەین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر هەر دەتانەوێ دانیشن ئەوا مافی ڕێگاکە بدەن، وتیان: مافی ڕێگا چییە؟، فەرمووی: چاو دابخەنو خەڵکی ئازار مەدەنو وەڵامی سەلامی خەڵکی بدەنەوەو فەرمان بکەن بە چاکەو ڕێگری بکەن لە خراپە".

باشترین دەوڵەمەندی

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی:"دەوڵەمەندی بە شتی زۆر نییە، بەڵکو دەوڵەمەندی ئەوەیە کە دڵو دەروونت دەوڵەمەند بێت".

بچۆرە ناو باخ و میوەهاتی بەهەشت

پەوبان (ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی:" مسوڵمان ئەگەر سەردانی برایەکی مسوڵمانی کرد ئەوا لە ناو باخو میوەهاتی بەهەشتدا دەبێت تا دەگەڕێتەوە".

گرنگی و بایەخی دوا ڕۆژو کەمی بایەخی دونیا

ـ جابر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) جارێکیان بە نێو بازاڕی مەدینەدا تێپەڕی، مسوڵمانانیش بەملاو ئەولای شانیدا دەڕۆشتن، دایان بەلای کەلاکی گیسکێکی کەڕیلەی مردارەوە بوودا، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دانەوییەوە گوێی گیسکەکەی گرتو فەرمووی:" کامتان بە درهەمێك(پارەیەکی کەم) ئەم کەلاکەی دەوێت؟ عەرزیان کرد: قوربان بە بەلاشیش بماندەنێ نامان دەوێ، جا چی لێ بکەین؟"، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) جارێکی تر فەرمووی:" پێتان خۆشە ئا ئەمە هی یەکێ لە ئێوە بێت؟، عەرزیان کرد: قوربان بەزیندوییش عەیبدارە،

نەخوازەڵا مرداریش بۆتەوە. پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەخوا دونیا لای خوای گەورە سووكو بێ نرخترە هەتا ئەم گیسكە لای ئێوە".

ـ ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) فەرموویەتی:" لە ڕۆژی قیامەتدا كێ لە دونیادا زۆر خۆشی بووەو لە خۆشی دونیادا ژیاوە (واتە: دۆزەخییەك) دەیهێننو لە ئاگری هەڵدەكێشن، وەك چۆن جلێك لە ئاو یا لەڕەنگ هەڵدەكێشرێت، پێی دەگوترێت: ئەی ئادەمیزاد بە هەموو تەمەنت خۆشیت دیوە؟ ئەویش دەڵێت: نە بەخوا ئەی پەروەردگار! خۆشیم هەرگیس نەبینیوە، لەبەهەشتیانیش كامیان لە دونیادا لەو پەڕی تەنگانەو ناخۆشیدا ژیاوەو بە چەرمەسەری نانێكی دەست كەوتوە،(واتە: بەهەشتییەك) دەیهێننو لە بەهەشتی هەڵدەكێشن وەك چۆن جلێك لە ئاو یا لەڕەنگ هەڵدەكێشرێت، پێی دەوترێت: ئەی ئادەمیزاد بە هەموو تەمەنت ناخۆشیت دیوە؟ ئەویش دەڵێت: نە بەخوا ئەی پەروەردگار! نە ناخۆشیم بینیوەو نە چەرمەسەری".

ڕازێک لەسایەی جەژنی مەولوودی پێغەمبەری سەروەر و پێشەوادا .

ئا: د. صەباح بەرزنجی

ئـــــەی پێغەمبەری شیرین کـردەوە
کەعبەت لە ژەنگی بت پاك کردەوە

ئەمە بەشێکە لەو شیعرە جوانو بەرزانەی زانای گەورەی کورد شێخ موحەممەدی خالٚ لە مەدحو پەسەندکردنی حەزرەتی ڕەسوولی ئەکرەمدا هۆنیویەتیەوە، ئەو شاکارە ئەدەبیانەی لە جیهانی عیشقی موحەممەددیدا بەرهەمهاتوون زۆرن. تا دنیا دنیایە قەصیدەی بەحری نووری مەحویو چامە بەرزەکەی نالیو سۆزو ئەوینەکەی خاکییو بێخودو مەلا موحەممەدی چرۆستانی وەسیقەی عیشقو عەلاقەی ئەم ئوممەتەن بە حەزرەتی خەتمی نبووەتەوە، ئەمە لە زمانو ئەدەبی کوردیدا، لە ئەدەبیاتی گەلانی ئیسلامی تریشدا موحیببەتی ئەم خۆشەویستە ئازیزە بابەتو خولگەیەکی سەرەکیو هەمیشەیی بووەو هەیە، بەتایبەتی ئەدەبی فارسی لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە تا بە ئەمڕۆ لە باسو ستایشو خۆشەویستی پێغەمبەری خۆشەویستماندا گەیشتووەتە لوتکەو بە چەندین شێوەو شێوازی ڕەوانو پاراو لە مەنزڵو هەواری تەیبەی مەدینەو بەقیعی غەرقەدی یاران هەواریان خستووە، یەك لەو شاعیرو بیرمەندە گەورانەی بە چاوی دڵو بە پەروازی گیان باڵە فرکێی مەزاری ڕەوزەی کردووەو مەستبووە بەبای نەجدو حیجاز، موحەممەد ئیقبالی لاهووری شاعیرو فەیلەسووفو عارفی پاکستان بووە، کە بە شیعرو بیرە بیکرو ناوازەکانی توانی

زەنگی وریابوونەوە بۆ گەلانی خۆرهەڵات لێبداو بە بیردۆزەو گۆشەنیگاکانی بانگێشەی بۆ نوێبوونەوەو ڕابوونی مسوڵمانان کردو لە هەمانکاتدا بە غەزەلو مەنزوومە عیرفانییەکانی هەوڵێکی زۆریدا بۆ ناشتنی نەمامی موحیببەتی حەزرەتو یارانو ئالووبەیتی لە دڵی ئوممەتدا. بۆیە بەجێیە لە یادی جەژنی هاتنە جیهانی پێغەمبەری خۆشەویستماندا تەرجەمەی یەکێك لە مەسنەوییەکانی لە کتێبی(رموز بیخودی بکەینە دیاری بۆ خوێندەوارانی کوردو هۆگرانی عیشقو ئەوینی نبووەت، بە ناونیشانی (عرض حال مصنف بحضور رحمة للعالمین)

ئەمەش دەقی پەرچڤەکەیە بە دەستکارییەکی کەمەوە:

"دەرکەوتنی تۆ ژیانی بووژاندەوە، خەونی دێرینی مرۆڤەکانی لێکدایەوە، زەوی بە هاتنت شانازی کردو ئاسمان بە تەماشای مەقامت نازی کرد، بوونەوەر بە تۆ باڵای کردو هەژاریی بۆت بوو بە سەرمایە، تاکوو مەشخەڵی ژیانت هەڵگیرساندو کۆیلەکانت فێری گەورەیی و سەروەریی کرد، لەم سەراخانەی ئاوو گڵەدا تا تۆ نەهاتبووی مرۆڤەکان شەرمەندەبوون، کە تۆش هاتی ئاگر بەربوویە دڵی خاكو ڕوخساری جوانی مرۆڤایەتی دەرکەوت، زەوی ئەوەندە شادو خوررەم بوو بە مەقدەمت، کە تەپو تۆزەکەی نازی بەسەر خۆرو مانگدا دەکرد، بۆیە تەماشای هەر ئەبووبەکرو عومەرێکت دەکرد لەبەر چاویدا لە باوكو دایکی خۆشەویستتر دەبووی. من بە عیشقو ئەوینی تۆ ئاگرم تێبەربووەو لە تاوی تۆ گیانم سووتاوە. با بناڵێنم وەکوو شمشاڵ، چونکە بەو ناڵەیە ماڵە وێرانەکەم ڕووناك دەبێتەوە. خۆشەویستم بەم هەموو سۆزو ئەوینەوە ناتوانم خەمەکانم بشارمەوە، ئایا دەکرێ مەی لە بادەدا بشاردرێتەوە؟"

یەکەمین خەمی من ئەوەیە کە مسوڵمان لە ڕازی تۆ بێگانە بووە، بەیتولحەرامی دڵی ئەو جارێکی تر بووەتەوە بە بتخانە، لە باخەڵیدا چەندین بتی وەکو لاتو عوززاو مەناتو هوبەلی هەڵگرتووەو پێشەواکانمان وازیان لە پێشەوایەتی هێناوەو سەریان بە خەیاڵی خاو قاڵکردووە، مسوڵمانان لە مەرگو ئەجەل ترساونو سینەیان دڵی تێدا نەماوە، وەك لاشەیەکی مردوو پێویستیان بە پزیشكو بە سەرۆکی پزیشکانە. ئەم ئوممەتە مردوویەکەو دەبێت باسی ئاوی حەیاتو ڕازێك لە ڕازەکانی قورئانی بۆ بکەم، چیرۆکی یارانی نەجدی بۆ بگێڕمەوە، بۆنو بەرامەیەك لەو بۆستانو گولوستانە بڵاو بکەمەوە، بۆ ئەوەی مەحفەل بە مەشخەڵی نەوا ڕۆشن بکەمەوەو خەڵکی فێری ڕازو ڕەمزی ژیان بکەم.

لەم سەردەمەدا ئەفسوونی فەرەنگ ڕێگای دەربازبوونی لێگرتووینو بە هەراو بەزمی خۆی مەستو مەدهۆشی کردووین.

خۆشەویستم: تۆ بووەیسیریت خەڵاتکردو بەربەتی سەلمات بە من بەخشی، بۆیە داوات لێدەکەم کە بە منی خەتا ئەندێشو کاڵای خۆ نەناس چێژی ڕاستیم پێ عەتا بفەرموو، هەرچەندە دڵم ئاوێنەی بێ جەوهەرەو جگە لە قورئان لەناو وتەکانمدا شاردراوەتەوە.

ڕووناکی تۆ بەرەبەیانی هەموو ڕۆژگارو سەردەمێکەو چاوی تۆش زاخاودەری هەموو دڵو سینەیەکە، جا کەوابێت پەردەی نامووسی بیری من لەتو پەت بکەو ئەم ڕێبازە لە دڕکی بوونی من پاك بکەرەوە !، بەرگو پۆشاکی ژیان لە بەر مندا تەنگ بکەو ئەم ئوممەتە لە خراپەی من بپارێزە، دڵ پەرێشانو بەڕواڵەت ئاوەدانم مەکە، بەهرەمەند لە هەوری نیسانم مەکە.

خۆشەویستم: لە چاکەی تۆ ناکەسان دەبن بە کەس، بۆیە تەنها دوعایەکی تۆ ببێتە بایی قسەکانم بۆ من بەسە.

لەخزمەتی پەروەردگاری کردگاردا تەنها ئەم داوایەم بۆ بکە، کە عیشقی من هاوئامێزی کردەوە بێت. تۆ کە دەوڵەتی گیانی غەمبارت بەمن بەخشیوە، بەهرەیەك لەزانستی دینیشم پێ ببەخشە، لەکرداردا پایەدارترم بکە، من ئاوی نیسانمو بمگۆڕە بە گەوهەر!

کە پێم نایە جیهانەوە، ئارەزوویەکی ترم لە دڵدا بۆ دروستبوو، دڵم لە سینەمدا ئاسوودە بووەو لەگەڵ گزنگی بەیاندا بووەتە مەحرەم، لەو ساتەوە کە باوکم ناوی تۆی فێرکردووم ئاگری ئەم ئارەزووەم هەڵگیرساندووە، من دەمەوێت ڕۆژگار بە عیشقی تۆ دێرینترم بکاو لە مامەڵەی ژیاندا بەو عیشقە بمدۆڕێنێت، چونکە سەرەنجام ئەم ئارەزووەم تازەتر دەبێتەوەو ئەم بادە کۆنە گرانتر دەبێت، ئەم خۆزگەیە بۆ ژێر خاکی من دەبێتە گەوهەرو لەشەوی تاریکدا بۆم دەبێتە چرا.

خۆشەویستم

من ماوەیەك لەگەڵ جوانانو گوڵاڵە ڕوواندا ژیاوومو دڵم بە پەرچەم لوولەکان داوە، لەگەڵ مانگ ڕوخساران بادەگوساریم کردووە لەسەر چرای عەیشو نۆش داوێنم تەکاندووە، بە بروسکەکان تەپو تۆزی خەرمانم بەرباد بووەو ڕێگران کالای دڵمیان بە تالان بردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیانتوانیوە ئەم شەرابی عیشقی تۆیە لە شووشەی گیانم برژێننو ئەم زێڕە پاکە لە ناو کۆشم برفێنن.

عەقڵو هۆشی ئازەر پیشەی من زەنناری بەستو نەقشی خۆی لە وڵاتی گیانی مندا کێشا، ساڵانێك گرفتای داوی گومان بوومو گومانێکی وا لێم جودا نەدەبوویەوە. ئەم عەقڵ و هۆشە پیتێك لە یەقینی نەخوێندبوو، لە گومان ئاوای حیکمەتدا گیری خواردبوو، لە تاریکییەکدا دەژیام کە لە هەتاوی حەق بێگانە بوو، لە ئێوارەیەکدا

بەسەرم دەبرد کە بە تیشکی شەفەق ئاشنا نەبوو، بەڵام خۆزگەی دیداری تۆ لە دڵمدا ئارامی گرتبوو وەکوو گەوهەر لە صەدەفدا داپۆشرابوو، تا سەرەنجام لە پەیمانەی چاوەکانمەوە تکایە خوارەوەو لە ناخمدا چ ئاوازێکی ئەفراند!

خۆشەویستم: گیانی من جگە لە یادی تۆ هیچ مرۆڤێکی تری تێدا نییە، ئەگەر فەرمانم پێبدەیت ئەوا باسی ئەو یادەی تۆ دەکەم، من چونکە لە ژیاندا هیچ سەرمایەیەکی کردەوەم نیە، بۆیە شایانی ئەم عیشقو ئارەزووەش نیم، تەنانەت شەرم دەکەم لە دەرخستنو باسکردنی، بەڵام لوتفو میهرەبانی تۆیە جورئەتی باسکردنیم پێدەدات.

بەزەیی تۆ هەموو جیهان دەلاوێنێت، بۆیە ئارەزوومە لە حیجاز بمرم.

من مسوڵمانێکم لە غەیری تۆ بێگانەم، تا بەکەی من زەننار بپۆشمو لەبتخانەبم؟

حەیفە ڕۆژگاری من تەواو ببێتو پەیکەری من لە کەناری تۆدا درەنگ وەربگیرێت! ، بەڵام ئەگەر پارچەکانی من لە دەرگاکەی تۆدا کۆبکرێنەوە، ئای چەند خۆش دەبێت سبەینێی من.

چەندە خۆشە شارێك تۆی تیا ژیایو چەند پیرۆزە خاکێك تیا ئارام بووی؟

(مەسکەنی یارەو شاری شای منە) لای عاشق ئەمە (حب الوطن)ە.

خۆشەویستم: بە ئەستێرەی بەختی من چاوێکی بێدار ببەخشە، بە منیش مەرقەدێك لە سای دیواری خۆتدا.

تاوەکوو دڵی بێ تاوی من ئارامو بوونی وەك جیوەی من جێگیر بێ.

بە ڕۆژگار دەڵێم : ئارام بەو ئینجا تەماشای منی مسوڵمان بکە.

تۆ کەسەرەتای منت بینیوە، ڕاوەستەو سەیری ئەنجامیشم بکە.

لەبارەی موحەممەدەوە(ﷺ)، ئەوان چی دەڵێن؟

ماهاتما غاندی (Mahatma Gandi):

"ویستم سیفەتو خەسڵەتەکانی ئەو مرۆڤە بزانم کە بەبێ ناکۆکی بووەتە خاوەنی دڵی ملیۆنەها مرۆڤ، بۆیە بە تەواوەتی گەشتمە ئەو بڕوایەی کە شمشێر ئیسلامی نەگەیاندووەتە ئەم پایە بەرزە، بەڵکو سادەییو وردبینیو ڕاستگۆیی لە بەڵێنو دڵسۆزیو ئازایەتی موحەممەدو بڕوای تەواوی بە پەروەردگارو بەرنامەکەی ئیسلامی گەیاندە ئەم بڵندییەی ئێستەی".

لیف تۆڵستۆی:

" پەیامو بەرنامەکەی موحەممەد هەموو جیهان دەگرێتەوە، چونکە یەکانگیرە لەگەڵ لەگەڵ ژیریو دانایی، ئەوەندە بەسە بۆ موحەممەد شانازی پێوە بکات کە نەتەوەیەکی ژێر دەستەو چنگ بە خوێنی لە ژێر دێوەزمەی دابو نەریتی دزێوو ناشیرین ڕزگار کرد، لەبەردەم ئەم نەتەوەیەدا ڕێگای پێشکەوتنو سەربەرزی والا کرد".

بەرناد شۆ:

" پیاوانی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست بەهۆی نەزانیو دمارگیرییانەوە وێنەیەکی تاریکیان بەموحەممەد دابوو، بە دوژمنی مەسیحییەتیان دەناساند، بەڵام من لەم پیاوەم کۆڵیوەتەوە، زۆر پێی سەرسام بووم، بۆم دەرکەوت کە دوژمنی مەسیحییەت نەبوو، بەڵکو دەبێت بە ڕزگاری کەری مرۆڤایەتی ناو بنرێت، پێم وایە ئەگەر کاروباری جیهانی ئەمرۆی پێ بسپێری چارەی هەموو گرفتەکان دەکات بە جۆرێك ئاشتیو ئاسایشو ئاسودەیی بۆ مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە".

بوسورپ سمیپ (Bosworth Smith):

"موحەممەد لە یەك كاتدا سەركردەیەكی سیاسیو پێشەوایەكی ئاینی بوو، فیزو لە خۆباییبوونی پیاوانی ئاینی پێە دیار نەبوو، هەروەكو لە شكرو سوپای قەیسەرەكانی نەبوو، هەروەها هێزی نیزامیو پاسەوانی تایبەتیو كۆشكو تەلارو داهاتی نەبڕاوەی نەبوو".

ئان بیزیت (Annie Besant):

"ئایا دەتەوێت پێم بڵێی: پیاوێك لە هەرەتی لاویەتیدایەو تەمەنی بیستو چوار ساڵی نەبڕیوەو ئینجا بێوەژنێكی زۆر لە خۆی گەورەتر دەخوازێتو لەگەڵی دەبێت بۆ ماوەی بیستو شەش ساڵ تا تەمەی دەگاتە پەنجا ساڵ كە تیایدا شەهوەتو ئارەزووی جنسی لاواز دەبێت، ئایا دەكرێت بگوترێت خێزانەكانی تری بۆ مەبەستی جنسی هێناوە؟ بەو جۆرە نابێت بڕیار لەسەر كەسەكان بدرێت.. ئەگەر سەیری ئەو ئافرەتانە بكەین كە خواستونییەتی دەبینین هەر یەكێك لەمانە هۆكاربوون بۆ بەستنی هاوپەیمانەتییەك كەلە بەرژەوەندی شوێنكەوتووانی تەواوبووە یان ئەو ئافرەتانەی كە خواستونییەتی زۆر پێویستییان بە پاراستنو پەناگەیەك بووە".

لامارتین (Lamartine):

" كێ دەتوانێت یەكێك لە ناودارەكانی مێژوی لە بلیمەتیدا لەگەڵ موحەممەد بەراورد بكات؟... بەڵێ ئەمەیە موحەممەد: فەیلەسوف، وتاربێژ، یاسادانەرو شەڕكەر، دا مەزرێنەری بیری یەكتاپەرستی، بە هەموو پێودانگێك دەمەوێت بپرسم: كەس هەیە لە موحەممەد گەورەتر؟"

ڕاما کریشنا ڕاو (Ramakrishna Rao):

" ئـەوەتا موحەممـەد پێغەمبـەرە، موحەممـەد جـەنگاوەرە، پیـاوی کەسابەتو بازاڕە، سیاسەتمەدارە، وتاربێژە، چاکەکارە، پەناگەی بـێ باوکانە، پارێزەری بەندەکانە، ئازادکەری ئافرەتانـە، دادوەرە، هـەموو ئەم سیفەتە بەرزانە لە هەموو بوارێکی ژیاندا دەیکەنە شایەنی ئـەوەی ببێتە پاڵەوان".

تۆماس کارلایل (Th.Carlyle):

" بە زۆری ڕووی موحەممەد بە خەندەیەکی ڕاستو لە دڵەوە سەچـاوە گرتوو ڕووناك بوو، زیـرەكو هۆشمەنـد بـوو، دلاوەرو جـوامێر بـوو، بـە سروشـت بـەرز بـوو، هـیچ قوتابخانەیـەك پێـی نەگەیانـد، لـە ژینـدا کارەکانی بەتەنها لەم قولایی بیابانەدا بە جێهێناوە... من موحەممەدم خۆشدەوێت چونکە دوور بووە لە خـۆ سـەلماندنو خـۆ نوانـدن، کـاری ئەمڕۆی نەدەخستە بەیانی".

واشنگتۆن ئیرفنج:

" هەڵسوکەوتی موحەممەد لە دوای ئازادکردنی مەککە بەڵگەن کە ئـەو پەیامبـەرێکی نێـردراو بـووە نـەوەکو سـەرکردەیەکی سـەرکەوتوو لـە جـەنگ، چـونکە بەخـشندەیی‌و هاوسـۆزی خـۆی بـۆ هاوشـارییەکانی دەرخست ئەگەرچی بەهێز بوو، بەڵام سەرکەوتنەکەی تاجـدار کـرد بـە بەخشندەیی‌و لێبوردەیی....، لە دوای خۆی نە دینارێـك نـە درهـەمێك یان کۆیلەیەکی بە جێنەهێشت، خودا لـە دونیـادا کلیلـی گەنجینـەکانی دونیاو دواڕۆژی خستە بەردەستی، ئەو گەنجینەی دواڕۆژی هەڵبژارد".

ئیمیل درمنگیم(E.Dermenghem):

" بەڕاستی پەیامبەر لە دوای ئەوەی لە ئەشکەوتی حیرا سروشتی بۆ هاتووە خۆشگوزەرانیو جێگیری نەبینیوە، ژیانێکی گوزەراند مرۆڤ پێی سەرسام دەبێت، لە ڕاستیدا بیست ساڵ بەس بوو بۆ ئامادەکردنی شتگەلێك دونیا هەلگێڕێتەوە، لە ناو زیخەلانی حیجازدا دەنکە تۆوێك شین بوو کە لەمەودواش زیندوو دەبێتەوە، بەم نزیکانە دەنکە تۆوەکە شین دەبێتەوەو لە ولاتانی ئیسلامیدا لقو پۆپەکانی بۆ هیندو ئەتلەسی دەڕوات".

داڤید سانتیلانا(David de Santillana):

"موحەممەد پەیامبەری خوا بوو بۆ گەلانی تر وەك چۆن پەیامبەری خوا بوو بۆ عەرەبەکان".

ول دیورانت:

" دەردەکەوێت کەسێك موحەممەدی فێری خوێندنەوەو نوسین نەکردبێت، نەزانراوە خۆی شتێکی نوسیبێ، بەلام ئەمانە نەبوونەتە ڕێگر لە نێوان خۆیو تواناکانی بۆ ناسینی کاروبارو زروفی خەلکی، ناسینێکو شارەزاییەك کەم کەس لە خەلکی زیرەکو پایە بەرز پێی گەشتوون، پەیامبەر لە زرنگترینی سەرکردەکان بوو، لەگەل ئەوەشدا سیاسەتکارێکی قالو تێگەیشتوو بوو، دەیزانی چۆن شەڕو جەنگ بە ئاشتییەوە ببەستێتەوە، ئەگەر شکۆمەندیو گەورەیی کەسەکان بەوە لێکبدەینەوە کە چەندە کاریگەری لەسەر خەلك هەبووە، بێگومان دەلێین موحەممەد گەورەی گەورەکانە، لە هەموو مێژوودا نەمانبینیوە چاکە خوازێك هێندەی موحەممەد باجی لەسەر دەولەمەندان دانابێت بۆ یارمەتیو بەرژەوەندی هەژاران، فەمودەکانی موحەممەد جەختیان لەسەر وەرگرتنی زانستو سەرسامی بە وەرگرتنی زانست کردووەتەوە، ئەو لەم لایەنەوە لە زۆربەی چاکە خوازە ئاینییەکان جیایە".



ئەو حەوزە بەردینەی
کە ئاوی تێدەکراو
پێغەمبەر سەلامی
خوای لەسەر بێ
دەستنوێژی تیا دەگرت



ئەو دیوانگەیەی کە پێغەمبەر
سەلامی خوای لەسەربێ پێشوازی
نێردراوەکانی تیا دەکرد



نوێژگەی پێغەمبەری خوا سەلامی
خوای لەسەر بێت



ئەو شوێنەی پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت تیایدا پێشوازی لە وەفدەکان کردوە



پێڵاوەکەی پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت



شوێنی لەدایکبوونی فاتیمەی کچی پێغەمبەر سەلامی خوایان لەسەر بێت




ئەو خانووەی پێغەمبەری خودا سەلامی خوای لەسەر بێت 29 ساڵ تیایدا ژیاوە



خانووەکانی خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر سەلامی خوایان لێبێت





دەرگای چوونە ژوورەوەی ژوورەکەی پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر





ئەو شوێنەی جەنگی بەدری گەورەی تێدا کرا


نامەکانی پێغەمبەر بۆ پاشاکانی سەردەم













شمشێرەکانی پێغەمبەری خوا سەلامی خوای لەسەر